چاوان کەمال

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# خەونی گەورەی هەموو یاریزانێک ئەوەیە لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات





یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی، گرنگییەکی زۆر بە یاریی باڵەی کچان دەدات لە شاری سلێمانی. تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان چاوان کەمالە، ئەو بە ئاستە بەرزەکەی هەمەولایەکی سەرسام کردووە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراقیش. ناوبراو لەدایک بووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیە لە زانکۆی سلێمانی پێشووتریش بۆ یانەی ئافرۆدێت یاری کردووە. ئیستاش لە یانەی پێشمەرگە یاری دەکات لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

**کارزان کانەبی**



*** ئاستی یاری تۆپی باڵە چۆن دەبینی ؟**

- زۆر خراپە، بە گشتی بۆ کچان، چونکە هیچ پاڵەوانیەتیەك نییە بۆ ئەوەی ئاستی یاریزان دەربخات .

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی بەشێوەی پچڕ پچڕ تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوو پێش نەچێت؟**

- بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی یاریزانان بەداخەوە بۆ نەبوونی پاڵەوانیەتی بەردەوام،ئەنجامدانی کاریگەری زۆری هەیە و یاریزان بێزار دەبێ لە مەشقی بەردەوام بەبێ پاڵەوانیەتی .

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی باڵەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- پاڵەوانیەتی بەردەوام بکرێتەوە بۆ ئاستەکانی تەمەن، جگە لەوەش گرنگی زیاتر بەتوانای کچە یاریزانان بدرێت لە یانەکان بۆ ئەوەی زیاتر بێنە نێو ئەم یارییە.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چی دەبینی؟**

- نەبوونی یاریگای تایبەت و پێداویستیەکانی ئەوانە هەمووی گرفتن بۆ ئەم یارییە.

***بەنیازی چی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-وەکو یاریزانێك بگەمەئاستێکی باشتر، بچمە ریزی هەڵبژاردەی وولاتەکەم، هەر یانەیەکیش بە پێ توانای خۆی هاوکاری یاریزانان بکات .

***چۆن بوو یانەی پێشمەرگەت هەڵبژارد؟**

-بەهۆی ڕاهێنەرەکەم ئەو یانەیەم هەڵبژارد ئێستاش زۆر دڵخۆشم لەو یانەیە، چونکە گرنگی تەواومان پێ دەدەن.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، چونکە یاریزانانی خۆمان ئاست و توانایی باشیان هەیە دەتوانن ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین.

***لە هەڵبژاردەی نشتیمانی عێراقی داوا کراوی؟**

-تاکو ئێستا هەڵبژاردەکە دیاری نەکراوە، بۆیە هەوڵدەدەم لە داهاتوو یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق.

***بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی؟**


- **بە** هەریەك لە یاریزانانی جیهانی .brono u walace de sowza

***بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-ئەوە نەك خەونی من خەونی هەموو یاریزانێکە لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاریی بکات.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارییان کردووم، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانە.






# زێرەڤانی بۆ چوارەم جار بووە پاڵەوانی کوردستان

هەفتەی رابردوو کۆتایی بە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێی لە وەرزی (٢٠١٧-٢٠١٨) هات، کە تیاییدا لەم وەرزە ٩ یانە بەشداری کرد و یانەی زێرەڤانی بۆ چوارەم جار لە مێژووی خۆیدا بووە پاڵەوانی خولەکە و یانەی شێروانەماڵئاوایی لە خولی نایابی کوردستان کرد و دابەزییە خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو.

راپۆرت: رێبین رەمزی

**● زێرەڤانی مێژووی تۆمارکرد**

یانەی زێرەڤانی بووە یەکەم یانە لە مێژووی خولی نایابی کوردستاندا کە بۆ چوار جار نازناوی خولەکە بە دەستبهێنێت، دوای ئەوەی لە وەرزی ئەمساڵ ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و بە کۆکردنەوەی (٣١) خاڵ پلەی یەکەمی مسۆگەر کرد و بە جیاوازی (٣) خاڵ لەگەڵ یانەی برایەتی خاوەن پلەی دووەمی خولەکە.

هەرچەندە زێرەڤانی لە قۆناغی یەکەم ئاست و ئەنجامەکانی وەکو پێویست نەبوو، بەڵام لە قۆناغی دووەم بەهۆی ئاست بەرزی هەردوو یاریزانی پیشەگەری بەرازیلی ( تیاگۆ ئەمیرال) و (دۆدۆ ) ئەنجامی تیپەکە گۆڕانکاری تەواوی بەسەر هات و توانی نازناوەکە بە دەستبهێنێت.

ریزبەندی کۆتایی خولی کوردستان بۆ ئەم وەرزە بە مشێوەیە بوو:

١- زێرەڤانی (٣١) خاڵ
٢- برایەتی (٢٨) خاڵ
٣- هەندرێن (٢٥) خاڵ
٤- ئارارات (٢١) خاڵ
٥- هەولێر (٢٠) خاڵ
٦- نەورۆز (١٨) خاڵ
٧- زاخۆ (١٨) خاڵ
٨- پێشمەرگەی هەولێر (١٦) خاڵ
٩- شێروانە (١٦).

بەپێی ڕێنماییەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بێت، یانەی شێروانە بەفەرمی بۆ خولی پلە یەکەکانی کوردستان دابەزی، بەڵام قسەوباسێکی زۆر هەیە، کە لە وەرزی ئەمساڵدا هیچ یانەیەك بۆ خولی پلە یەکەکان دانەبەزێت و تا ئێستا یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەفەرمی بڕیاری خۆی لەسەر ئەم بابەتە نەداوە.

**● سلێمان رەمەزان خاوەن مێژوویەکی تایبەت**

راهێنەری یانەی زێرەڤانی سلێمان رەمەزان خاوەن ریکۆردێکی مێژوویییە لە خولی کوردستان، کە تاکە راهێنەرە خاوەنی چوار نازناوی خولی نایابی کوردستان و هەر چوار نازناویشی لەگەڵ یانەی زێرەڤانی بەدەستهێناوە لە ساڵەکانی (٢٠١٢-٢٠١٣)، (٢٠١٣-٢٠١٤)، (٢٠١٤-٢٠١٥)، (٢٠١٧-٢٠١٨).

هەروەها راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر سەمیر بابۆ لە پلەی دووەم دێت، کە توانی سێ نازناو لەگەڵ هەردوو یانەی (هەولێر، پێشمەرگەی هەولێر) بەدەستبهێنێت لە وەرزەکانی (٢٠٠٩-٢٠١٠)، (٢٠١١-٢٠١٢) لەگەڵ یانەی هەولێر و لە وەرزی (٢٠١٦-٢٠١٧) لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر.

**● بەڕازیلییەك بووە گۆڵکاری خولی کوردستان**

تیاگۆ ئەمیرال یاریزانی پیشەگەری بەڕازیلی لە یانەی زێرەڤانی ئاستێکی نموونەیی پێشکەش کرد و سەرنجی هەموانی بۆ خۆی راکێشا، هەرچەندە ئەم یاریزانە هێرشبەر نییە و لە دواوەی هێرشبەران یاری دەکات، بەڵام بە تۆمارکردنی (١٢) گۆڵ لە (١٥) یاری بووە گۆڵکاری خولەکە.

لە هەمان کاتدا ئەم یاریزانە توانی (٥) گۆڵ بۆ هاوڕێیەکانی دروست بکات.

لە زۆربەی یارییەکان ئەم یاریزانە یەکلاکەرەوە بوو بۆ گۆڕینی ئەنجامەکان بۆ بەرژەوەندیی تیپەکەی.

لە ریژەی (٤٩٪) گۆڵەکانی یانەی زێرەڤانی لە رێگەی ئەم یاریزانە تۆمارکراوە.

ریزبەندی گۆڵکارانی ئەم وەرزی خولی کوردستان بە مشێو ە یە :

١- تیاگۆ ئەمیرال یانەی زێرەڤانی (١٢) گۆڵ.
٢- ئامانج ئەکرەم یانەی هەندرێن (٧) گۆڵ
٣- ئەیوب ئەیاد یانەی زێرەڤانی (٥) گۆڵ
٤- عەلی عەزیز یانەی ئارارات (٥) گۆڵ
٥- ئیمانوێل ئیفۆی یانەی ئارارات (٥) گۆڵ

**● ئامارەکانی خولی کوردستان**

- لە وەزری ئەمساڵدا لە کۆی (٧٢) یاری (١٤٣) گۆڵ تۆمارکراوە.

- یانەی زێرەڤانی توانی لە (٩) یاری سەرکەوتن تۆماربکات و ببێتە خاوەنی زۆرترین رێژەی بردنەوە لە خولەکە لە بەرانبەردا هەردوو





یانەی نەورۆز و شێروانە تەنیا لە سێ یاری سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە.

- یانەی نەورۆز خاوەنی زۆرترین ژمارەی یەکسانبوونە لە خولەکە، کاتێك لە کۆی (١٦) یاری لە (٩) یاری یەکسانبووە و لە بەرانبەردا یانەی زاخۆ تەنیا لە (٣) یاری یەکسان بووە.
- هەردوو یانەی زاخۆ و پێشمەرگەی هەولێر خاوەنی زۆرترین دۆڕاندن کاتێك لە (٨) یاری تووشی دۆڕان بوون و لە بەرانبەردا یانەی زێرەڤانی تەنیا لە (٣) یەکسان بووە.
- یانەی زێرەڤانی خاوەنی بەهێزترین هێڵی هێرشبەرە کاتێك یاریزانەکانیان توانییان (٢٦) گۆڵ تۆمار بکەن و لە بەرانبەردا یانەی شێروانە خاوەنی لاوازترین هێڵی هێرشبەرە و یاریزانەکانی تەنیا (٨) گۆڵیان تۆمار کردووە.
- هەردوو یانەی زێرەڤانی و برایەتی خاوەنی بەهێزترین هێڵی بەرگرین، کاتێك تەنیا (١٣) گۆڵیان لێ تۆمارکراوە و لە بەرانبەردا هەردوو یانەی زاخۆ و پێشمەرگەی هەولێر خاوەنی لاوازترین هێڵی بەرگرین، کە یانەکان (٢٠) گۆڵیان لێ تۆمار کردوون.
- گۆڵپارێزی برایەتی هەورامان رزگار لەم وەرزە توانی گۆڵێك بۆ یانەکەی لە لێدانی سزا دژی هەندرێن تۆماربکات و هەروەها لە دوایین یاری بەرانبەر یانەی نەورۆز لێدانی سزایەکی لە دەستدا.

### ● پاڵەوانەکانی خولی کوردستان

لەگەڵ دەستپێکی خولی نایابی کوردستان لە وەرزی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) تا ئێستا (١٢) جار خولەکە ئەنجامدراوە و(٦) یانە توانییان نازناوەکە بەدەست بهێنن و بەمشێوەی خوارەوە:

١- وەرزی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) یانەی دهۆك
٢- وەرزی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) یانەی بروسك
٣- وەرزی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) یانەی بروسك
٤- وەرزی (٢٠٠٩-٢٠١٠) یانەی هەولێر
٥- وەرزی (٢٠١٠-٢٠١١) یانەی هەندرێن
٦- وەرزی (٢٠١١-٢٠١٢) یانەی هەولێر





٧- وەرزی (٢٠١٢-٢٠١٣) یانەی زێرەڤانی
٨- وەرزی (٢٠١٣-٢٠١٤) یانەی زێرەڤانی
٩- وەرزی (٢٠١٤-٢٠١٥) یانەی زێرەڤانی
١٠- وەرزی (٢٠١٥-٢٠١٦) یانەی هەولێر
١١- وەرزی (٢٠١٦-٢٠١٧) یانەی پێشمەرگەی هەولێر
١٢- وەرزی (٢٠١٧-٢٠١٨) یانەی زێرەڤانی.

**● کەی وەرزی ٢٠١٨-٢٠١٩ دەستپێدەکات**

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دا وەرزی (٢٠١٨-٢٠١٩)ی خولی نایابی کوردستان لە رۆژی (٢٢-١٠-٢٠١٨) دەستپێبکات، بەڵام تا ئێستا ژمارەی یانەی بەشداربووەکان دیار نییە و چارەنووسی هەردوو یانەی کەرکووك و گازی باکوو لە ئەگەری بەشداریکردن و بەشدارینەکردن دیار نییە.

لە هەمان کاتدا یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاریدا هەرچوار یانەی (دهۆك، ئاکرێ، دەربندیخان، پێشمەرگەی سلێمانی) سەرکەون بۆ خولی نایابی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو.

